# ڕەخنەیەك لە كاریكاتۆری ڕێكخراو دروستكردن

كەژاڵ حەمە ڕەشید
kazhalh@yahoo.com

بەهۆی گرنگی و حەساسی بایەخی تایبەتی مەسەلەی ژنانەوە لە كوردستاندا ئەحزاب و بزووتنەوە سیاسیەكان گرنگیەكی تایبەتیان داوە پێی، بەم پێیە یەكێك لە پرۆژە گرنگ و بایەخدارەكانی هەریەك لە ئەحزابی مەوجوود لە كوردستاندا كاركردنە لە پەیوەند بە مەسەلەی ژنانەوە، لەم بارەیەوە یەكێك لە ڕێكخراوو پرۆژەگرنگەكانی هەریەك لەو حیزبانە ڕێكخراوێكی ژنانە . تازەترین حیزب هەر لە سەرەتای دامەزراندن و دەست بەكاربوونیەوە یەكێك لە مەیدانەكانی كاری سیاسیان مەسەلەی ژنان دەبێت و پێكهێنانی ڕێكخراوێكی ژنان دەبێت ئەمە ئەگەر بە هەر قیمەتێك و بە هەر شێوەیەك كە دەست بدات. (حككچع) حیزبی كۆمۆنستی كرێكاری چەپی عێراق لەم ماوەیەدا هەر بەچەند مانگێگ دوای جیابوونەوەی لە (حككع) حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق و ڕاگەیاندنی حیزبی تازە ڕێكخراوێكی ژنانیان ڕاگەیاند بەناووی (یەكگرتووی ڕزگاری ژن لە عێراق) !!!.

لە ڕاستیدا ئینسان نازانێ بلێ چ مەسئوولەتێك لە پشت ئەم ڕێكخراوەوە دەبینم لە كاتێكدا كە لە باری عەمەلیەوە ماتریالێك لە هەلسوراوانی ئەو مەیدانە شك نابرێت تا بلێین ئەمانە سەروسامان دەدەن بەڕێكخراوەكەو جلەوی كارەكانی دەگرنە دەست یان لانی كەم هەیكەلی ڕێكخراوەكە پێكدەهێنن و لە هەولدا دەبن پەرەی پێبدەن، لەباری سیاسی و مەعنەویشەوە ئەو ڕێكخراوەیە كە پێشنیاری (حككچع)ە و پرۆژەیەكی ئەوە ئیلهام لە هەمان تیئۆری كۆمۆنیزمی كرێكاری وەردەگرێت و سەر بەهەمان جەرەیانە، ئەو جەرەیانەش لە تەجروبەی زیاتر لە 10 سالی كاركردنی لەگەل ڕێكخراوە جەماوەریەكاندا لە كوردستان شكستی هێناوە، بەو پێیە ڕێكخراوی یەكگرتووی ئازادی ژن لە عێراق ناتوانێ بێبەش بێت لەو جۆرە لە تەسكبینی و حاشیەیی بوون و سكتاریزمەی ئەو مەیل و گرایشە سیاسیە هەیەتی.

بەداخەوە ئەو بەڕێزانەی كە خەریكی ئەم كارەن لە جیاتی سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شكستەكانی حككع پاش جیابوونەوەیان و ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەكانی حككع كەچی بە هەمان سیاسەتەوە خەریكی كاركردنەوەن بەتایبەتی لە مەیدانی كاری ڕێكخراوەیی و جەماوەریەدا.

لە ئارادا بوونی ڕێكخراوەكانی ژنان گرنگی هەیەو خالێكی ئیجابی بزووتنەوەی ژنانە بە هەموو بالەكانیەوەن من پێم خۆشە چەندین ڕێكخراوی ژنان لە كوردستان هەبن بە مەرجێك كارێكی ئیجابی لەو پەیوەندەدا بەرنە پێش، بەلام ئەوە جێگای نیگەرانیە كە ئەو بەڕێزانەی حككچع كە سالانێك كارو هەلسوران و تەجربەو شكستیان هەیە لە كاری جەماوەری و ڕێكخراوەییدا ئێستا دێن بەم شێوەیە ڕێكخراوەیەكی بێ پایەو بنەما ڕادەگەیەنن. ئەگەر (ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان) پشتی بە لە مەیداندا بوونی تەیفێكی بەرین لە ژنانی هەلسوراوو كۆمۆنیست بەستبوو كەبە تەجروبەیانەوە لە بزووتنەوەی شوورایی ئازاری 1991وە هاتبوونە پای كاركردن و لە شووراكانی 1991دا دەیان داواكاری ڕادیكال و یەكسانی خوازانەیان هێنایە دەرو پرۆژەی مافە مەدەنی و سەرەتاییەكانی ژنانیان هەر ئەوكاتە هێنایە ئاراوەو بەشێك بوو لە بەرنامەی شووراكان لەو جدیەت و گەرم و گوڕییەی ئەو دەورانەدا (ر، س،ئا) پێكهات و سەروسیمای دا بەڕێكخراوەكەو دواتریش بوە خاوەنی كۆرو كۆبوونەوەو سمینارات و بلاوكراوەو تائاستێك لە نفووزی كۆمەلایەتی ،،،ئەم ڕێكخراوەیە بەم ئامادەیی و لە خۆبردووی ئەندامان و كەوادریەوە بوە قوربانی عەقلیەتی خۆپەرستی و حاشیەیی و سكتاریستی كۆمۆنیزمی كرێكاری و لە ئێستاشدا پاشماوەی ئەو ڕێكخراوو بزووتنەوەیە بە ناوی (ڕێكخراوی ئازادی ژن)ەوە تەنها ئۆرگانێكی حیزبی حككع ەو وەك سەرچاوەیەكی دارایی و پەیداكردنی كۆمەكی مالی ئەو حیزبە سەیر دەكرێت.

ئەمانەو لەلایەكی ترەوە هەلسووراوانی واقی ڕێكخراوێك و بزووتنەوەیەك لە كوردستان یان لە عێراق لە ڕاستیدا ئەوانەن كە لە كوردستاندا یان لە عێراق لەگەل كێشمەكێش و ڕوداوەكاندا دەستەو یەخەن نەك كەسێك لەكیشوەرێكی ترەوە بلێ من ڕابەرو هەلسوراوی فلانە ڕێكخراوو بزووتنەوەم.

بەرای من ئەم جۆرە لە ڕێكخراو جێگای ئومێدی ژنان و خەلك نیەو ڕێكخراوێكی سەركەوتوو نابێت، بەلێ مەیلی سۆسیالیستی شیاوترین خەتی شۆرشگێری بزووتنەوەی ژنانە بەلام بەبڕوای من ئەو ڕێكخراوانە تا لە فەلەكی كۆمۆنیزمی كرێكاری دا دەرنەچن لە خۆ پەرستی و مەحفەلگەرایی ڕزگاری نابێت و نابێتە بەشێك لە بزووتنەوەی واقعی ژنان، چونكە تەجروبە نیشانی دا كە مەیلی سۆسیالستی شتێكەو كۆمۆنیزمی كرێكاریش شتێكی تر.

لەگەل ڕێزمدا بۆ كەسانێك كە بە دلسۆزیەوە كاردەكەن لەم ڕێكخراوانەدا و چاوی ئومێدیان بریوەتە ئەو جۆرە لە سیاسەت، بەلام هاوریان دلسۆزی موجەرەد تەنها بەس نیە لە خەباتدا ئەبێ بشزانین دلسۆزی چ سیاسەتێكین و بەرەو كوێمان دەبات.

2005\4\3